# کەشکەک سەلەوات!

## لە نووسەر و رۆژنامەنووسانی دەسەلات!

**سەرکەش**
a_sarkash@hotmail.com



(دوا دەنگوباسم ئەمەیە:
من شێت دەبم!
کە شێتیش بووم
لە گۆرەپانێکی شاردا،
وەک منالێک،
بە زەنگیانەی درۆکانتان یاری دەکەم)*

دەسەلاتدارەتی کوردی وەک هەر دەسەلاتدارەتییەکی تر لە رۆژهەلاتی ناوەراست هەمیشە خۆی لەسەرووی هەر رەخنەیەکی راستەقینە بینیوە، ئەمرۆش کە پێشرەفتی تەکنەلۆژیای راگەیاندن بوارێکی یەکجار بەرفراوانی لەبەردەم رخنەگران کردۆتەوە، ئەمەی بۆ قوتناچێ، ئەمە بەهەرەشە دەبینێ بۆ سەر خۆی وئایندەی، بۆ بەرگری لەخۆی لە بەرامبەر مالپەر و رۆژنامەکانی دەرەوەی دەسەلات کە ئەمرۆ وەک سەکۆ و بلندگۆی رەخنە، تورەیی جەماوەری، بێزاری خەلک دەرکەوتوون. نووسەران و رۆژنامەنووسانی خۆی تەنگەتاو کردووە، بۆ بەگژاچوونەوە.

نووسەران و رۆژنامەنووسانی سەربەدەسەلاتیش دلسۆزانە بە ئەرکی راستەقینەی سەرشانیان هەلساون، وەک ئەممەکداری بەدەسەلات کەوتوونەتەخۆ، بۆئەوەی هەرچیان لەدەست بێ بیکەن.

ئەوەتا ماوەیەکە دێبات و دیداری تەلەفزیۆنی رێک دەخەن، لەم دێبات و دیدارانەیاندا هەول و تەقەللای زۆر دەدەن بەزۆری زۆردارەکی بیسەلمێنن کە ئەو ئازادییەی ئەمرۆی کوردستان لە (لوتف وکەرەمی) دەسەلاتبەدەستانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانەوەیە، کە لەراستیدا وانییە بەلکو ئەم بوارە بەهۆی پێشقەچوونی تەکنەلۆژیای راگەیاندن فەراهەم بووە.

هەروا دەیانەوێ بە پینە و پەرۆ بە هەزار ویەک بروبیانووی بێ سەرو بەر، دوور لە راستی، راستییەکان ئاوەژووکەنەوە، لە رووی دەنگە رادیکالە رام و دەستەمۆ نەبووەکان، قەوانە کۆنە سواوەکە بخەنەسەر (یا لەگەل ئێمەن یا لەگەل دوژمنانی ئێمەن). ئەمە دیکتارۆر ترین میتۆد و ئەنتی دیموکراتی ترین هەول و تەقەللایەکە

ئەوبەڕێزانە دەیدەن، هەروا باس لە جنێو،جنێو فرۆشی، سوکایەتی پێکردن، ناوزڕاندن، ناوەتۆرە دەکەن، کە گۆیا مالپەڕ و ڕۆژنامە ئازادەکان، بە دەسالاتدارەتی کوردی دەدەن.** کە ئەمە لەڕاستیدا سوتاندنی تەڕو ووشکە بەیەکەوە بەمەبەستی دەمکوتکردنەوەی ڕەخنەگران بە گشتی هەروەها چەواشەکارییەکی ڕووت و قوتە، وا پێویست دەکا مێدالیای جنێو فرۆشی، ناو و ناوەتۆرەی سوک، ناوزڕاندن، شەڕی سوک و هەرزانی ڕاگەیاندن، بکرێتە گەردنی خۆیان، مەبەست نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی سەربەدەسەلاتە، چونکە ئەمان خۆیان یەکەم داهێنەر و یەکەم داڕێژەری بەردی بناغە و یەکەم بەکارهێنەر و تاکە پێشڕەوی ئەم ڕێبازە نوێ یەن لە زمان وێژەی کوردی، ئەمان جوێن و قسەی ساردو سوک، ناو وناوەتۆرەی هەرزان، بێزەوەر نەما بەیەکتری نەلێن لە گەرمەی شەڕە ڕەسواکانیاندا، ئەم هێژایانە لەبیریان چۆتەوە؟ یا خەلکی کوردستان بە بیر کول و کۆلەوار تێدەگەن؟ خۆ ئەگەر بەرسڤیشیان ئەمە بێ کە ئەمەجاران بوو! ئەمە کای کۆنە بەبادەکرێ، ئێستا سەردەمێکی ترە! ئەم بڕوبیانوەش بەڕاست دەگەڕا، ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان داوای لێبووردن، تۆبەنامە، پاکانەکردنێکیان بە دەستەوە بووایە بەرامبەر بە قوربانیانی کارساتە دلتەزێنەکان، ئەگەر هەروا بۆرە ڕەخنەیکیان لە ڕابووردووی شەرمەزاری خۆیان گرتبایە.

سەیر لەمەدایە ئاگر خۆشکەرانی شەڕەکانی دوێنێ، دەمپیس و زمان شڕەکانی ئەوێ ڕۆژێ ئەمڕۆ بوونەتە فریشتە و پێغەمبەری ئازادی و دیموکراسی، سەیرتریش لە هەموو پێیانوایە پەیامی ئازادی و دیموکراسی تەنیا و تەنیا لە نووکی پێنووسی بێبڕشت و کولی ئەمانەوە چاوهەلدێنێ.

ئەم جەنابانە لە باس وبابەتە گەرمەکانیان، بۆکەم ڕەنگ کردن و بەنزم گرتنی ڕەخنەکانی ڕکابەر و مێملەکانیان زوو زوو دێنەسەر باسی دەرچووی پەیمانگا، زانکۆ،ئەکادێمیای ڕۆژنامەڤانی، کاتێ هێرش و پەلامار دەکەنە سەر دەنگەڕکابەرەکان، وەک ئەوەی خۆیان هەر هەموویان چەندان بڕوانامەو بەلگەنامەی باوەڕپێکراوی ئەکادیمیان لەگیرفاندابێ، کە هەر ئەمەشە ڕەواییان دەداتێ تەنها ئەمان بتوانن لێگێتیم وناسنامەی نووسەری و ڕۆژنامەنووسی ببەخشنەوە، ئەگەر ئەمان دەستی خێر و دەمی خێر بەخێر بەکەسێکا نەگێڕن، ئەوا ئەوکەسە قوڕبەسەردەبێ، قەت نابێ بە نووسەر و ڕۆژنامەوان! ئای لەم میتودە کەساسانەیە!

بۆوەلامدانەوە بە پرتە و بۆلەی کەنالە ئاسمانییەکانی زەرد و سەوز، کە زۆرجار بەهەلە باس لە ئازادی و دیموکراسی ئەوروپی و سویدی وەک نموونە دەکەن، لە شانیشنی سوید نەک هەر ڕەخنەی توند، بەلکە لە خودی کەنالەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەولەت گالتە و گەپجاڕی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرەکان سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی پارتەکان تا بە پاشا و بنەمالەکەی ڕادەگا دەکرێ، نەک هەندە بەلکە زۆر بێشەرمانە لەناو ئاپۆرەی فراوانی خەلک دەم چاوی پاشای سوید بە تۆرتە*** سواخ دەدرێ، دەم و چاوی سەرۆک وەزیرانی سوید بە فوارەی ئاو وەک کۆسە بەبەی بەهاران دەکرێتە جل بە ئامادەیی کامێرای تێ ڤێ سویدی (ئێس.ڤێ.تێ) و ئەمەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە.

هەر کەسێک ئەگەر تۆزقالێک سەر لە ئەلف و بێی سیاسەت دەرکا دەزانێ هەمیشە دەسالاتداران ئەگەر پێانکرابێ و بۆیان چووبێتە سەر، هەول و تەقەللای زۆریان داوە بۆ داخستن و دوورینی دەمی

ڕەخنەگران، کپ و خامۆشکردنی هاواری ناڕەزایەتی جەماوەر لە ناوەوە و دەرەوە، هەروا لە دروست کردنی دژە ئۆپۆزسیۆن و زڕە ئۆپۆزسیۆنیش نەپرێنگاونەتەوە هەر کاتێک ئامادە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکیان هەست کردبێ.

بەلام بۆنەگبەتی بەختی دەسالاتداران و نووسەرو ڕۆژنامەنووسە عاجباتییەکانیان ئەمڕۆ سەردەمێکی ترو ڕۆژگارێکی ترە ئیتر ئەو ڕۆژە ئەنگوستەچاوانە بەسەر چوو دەنگە ئازادەکان هەروا بە سوک و سانایی کپ و خامۆشکرێن.

کاتێ خۆی ناپلیۆن گوتوویە لەنێو زیندەوەرانیش تووشی ڕۆژنامەنووس دەبینەوە!**** دیارە مەبەستی ئەوسای ناپلیۆن ڕۆژنامەنووسانی ئازاد بووە، دەنا ڕۆژنامەنووسانی دەربار هەمیشە وەک توتی وا بووون کاریان تەنیا بە بەژن بالادا هەلگووتن بووە.

دەسەلاتدارەتی کوردیش ناپلیۆن ئاسای لێقەوماوە، مالپەڕ و ڕۆژنامەکانی دەرەوەی دەسەلات تەنگیان پێهەلچنیوە زۆریان بۆ هێناوە، بۆیە چەندی دەکا نازانێ چۆن و بە چ ئاوایەک، ماسی بگرێ و قونیشی تەرنەبێ!

چۆن هەم ئازادیخوازو دیموکرات بێ و ڕێز لە مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین گرێ، هاوکات پیرۆزمەندیە ڕەها خوداوەندیەکانی لە دەسکاری کردن بپارێزێ ، چۆن بە کەش و هەوای جۆرێک لە ئازادی و شێوەیەک لە دیموکراسی کوردستان خۆی بابدا، وەک دەستکەوت بۆ خۆی بداتەقەلەم، هاوکات مەزنی و سەروەرییەکانی لەکەدار نەکرێ، چۆن لە ناو زەلکاوی دیکتاتۆریەتی خۆرهەلاتی ناوین و ناوچەکە بەسیماو ڕوخسارێکی گەش و ڕوونـاک، ڕوو سوور دەرکەوێ، بەلام بەمیتۆدی سێنترالیزمی ستالینیانە دەسەلات بۆخۆی هەر بەتەنێ بۆخۆی پاوانکا، هەمیشە و تاسەر بەشی شێر بۆخۆی بەرێ وەک تائەمڕۆ بردوویەتی و ئەوانی تریش پەراوێزکا، هاوکات دەم لە باس و بابەتی دادپەروەری کۆمەلایەتی، کۆمەلگای سڤیل وەربدا.

لەسەردەمی ئەمڕۆدا دیکتاتۆر ترین، کۆنەپەرست ترین، فاشی ترین دەسەلات لەم دونیایە دەخوازێ دام ودەزگا بەناو دیموکراسیەکانی هەبێ، بۆ کەش وفش، بۆ شاردنەوەی سیماو ڕووخساری دزێوی خۆی، بۆ چەواشکردنی ڕای گشتی دەرەوەو ناوەوە، بۆ خۆلکردنە چاوی جەماوەر، بۆ بەلاڕێ دابردنی هەموو هەول وتەقەلایەکی نوێ، هاوکاتیش لەهەلپەی ئەوەدایە، تا بۆی بکرێ پەرلەمان بکا بە پەرلەمانی مەڕەکان، ئۆپۆزیسیۆن بکا بە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارتۆنی پەککەوتوو، ڕاگەیاندنیش دەهۆل و زوڕنا بێ و هەرگیز بەئارەزووی ئەو کەڕەناکاو لە لێدان نەکەوێ، دیارە دەسەلات دارەتی کوردی وەک دەسەلات لەم هاوکێشەیە بەدەرنییە.

باس لە کلتوری ئازادی و دیموکراسی بۆ دەسەلاتدارەتی کوردی خۆدانە لەقەرەی باس و بابەتێک کە بەپلەی یەک ڕیشی خۆی دەگرێتەوە، بوون وپێکهاتەی خۆی دەخاتە ژێرپرسیاروگومان.

چۆن پارتەکانی کوردستان***** تا ئێستا لە نێو خودی خۆیان ئازادی و دیموکراسیان پەیڕەو نەکردووە ونایکەن، چجا پێڕۆکردنی لە کۆمەلگادا ، سەرکردەی هیچ یەک لە پارتەکانی کوردستان لە پڕۆسەیەکی ئازاد و بە پرنسیپێکی دیموکراسی هەلنەبژێردراون، سەرکردەی هیچ کام لە پارتەکان ئامادەی ڕەخنە

لەخۆگرتن و دەستکێشانەوە لە کورسی دەسەلات نابن.
لە کوردستان، ناوچەکە، خۆرهەلاتی ناوین سەرکردەکان هەر بە سەرکردەیی لەدایک دەبن و هەر بە سەرکردەیش وەک باوکی رۆحی پارتەکانیان دەمێننەوە تا ئەو رۆژەی مەرگ میوانیان دەبێ!مەگەر مەرگ لەکورسی دەسەلات دایانگرێ! دەنا هەرئەوان دەبێ سەرکردەبن، رابەربن، باوکی رۆحی بن، دەق وەک سیستێمی پاشایەتی، دوای مەرگیش میراتگر! هەر نەوەکانن و پەیوەندی خزمایەتی بڕیاردەرە.
دەست لەکار کێشانەوەی عەزیز محەممەد دوای تەمەنێک لە خوداوەنێتی پارتی کۆمونیست موعجیزە بوو موعجیزە! تێکشکاندنی کلتوورێکی ژەنگاوی بوو لە مێژووی پارتایەتی لە عێراق و کوردستان، تابەم چرکەساتەش رادەگا ئەمە تاقانە نموونەیەکە و هەر بەتاقانەیی ماوەتەوە تا نووسینی ئەم چەند ووشانە.
زۆربەمان دەزانین بە چ ترارژیدیایەک پەرلەمان و حکومەت دامەزرا، جەنگی ئەستێرەکانی ناو شارەکانمان لەبیرە بە تایبەت لە هەولێر، ناکا توتیە بەرێزەکانی دەسەلات، ئەم کارەساتە خەماویانەش بە ئەزموونی دیموکراسی تۆمار کەن!! خوداوەندە مەزنەکانی شەڕ دونیایەک فرمێسک و خوێنیان بە خەلکی کوردستان ڕشت لە شەڕی خۆتڕێنی ناوخۆ، دونیایەک بێ ئومێدیان لە دلی گەرمی خەلک ڕواند بە ئەزموونی پڕتوکاوی ففتی ففتی و سەرەتاگە کۆنەپەرستانەکەی (تەوافق).
ئەگەر کۆمیدیای ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە نەبوایە تا بە ئەمڕۆش رادەگا دەبوا ماشێنی شەڕی یکترقڕکردن هەر بسوڕێ بێگومان، کەسیش نەیدەوێرا بلێ لەل، کەس بۆی نەبوو باس لە کلتوری ئازادی و دیموکراسی بکا ئەمڕۆ.
گلەوگازاندەو سەرکۆنەکردنەکانی ئەمڕۆی دەسەلاتدارەتی کوردی لە ڕووی نووسەران و مالپەڕە ئازادەکانی ئەگەر لە وولاتانێکی ئەورووپایی نموونەی سوید بوایە ڕەنگە ئاهێکی تیا بوایە، ئەوەندە جێی مشتومڕنەبوایە، چونکە لێرە سەرۆکی پارتەکان، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆک وەزیران وەک کراس و دەرپێ ئال وگۆڕ دەکرێن، لێرە هێچ سەرکردەو کەسانێک بەپلەو پایە پیرۆز نین و پیرۆز نابن، هەروەها بە دابەزینیشیان لەپلەو پایە ئەگەر پیرۆزمەندیەکیان بەپراکتیکی کاری ڕۆژانە بەدەست هێنابێ ئەوا هەرگیز لە چاوتروکانێک لەدەستی نادەن.
گیانی لێبووردەیی و بەخشندەیی، دەستەواژەیەکە لەسەر زاری سەرۆک و بەرپرسە پلە یەکەکانی ناو پارتەکان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان وەک بنێشتەخۆشکەی لێ هاتگە، کەچی لە ڕۆژی بردنەوەی جامی سەرکەوتنی تیپی عێراق لە یاری تۆپی پێ وەختابوو شەڕێکی تری ناوخۆ لەشارەکانی کوردستان بقەومێ، بە بەهانەی ئالای عێراق و ئالای کوردستان.
لەکاتێکدا نە (ی ن ک) ئەو عێراقچییە عەیار 24ەیەو نە (پ د ک) ئەو پارتە کوردستانییە ڕاستەقینە بێغەل و غەشەیە کە ئەوەندە بێنێ لە سەر ئالا ئەم بەزم و ڕەزمە بکەن، بەلام عارەب گوتەنی مانا لە دلی شاعیرە! سەردەمانێک سکرتێری گشتی (ی ن ک) کە ئەمڕۆ بووە بە عێراقچییەکی لە عەرەب عێراقچی تر، سەری خەلکی سەرپاک دەتاشی بە تاوانی عێراقچێتی، هەتا بەرلە ڕووخانی دێوەزمەی دیکتاتۆریەتی بەعس، سەرکردایتی (پ د ک) ە وەک قیر وبنێشت بە ئۆتۆنۆمی وەنوسابوو لێی نەدەبۆوە و پێی وابوو چارەسەری کێشەی کورد هەر لە بەغدایە، کەچی ئەمڕۆ پێچەوانە پێچەوانەیە سەد لە سەد ڕەش سپی

وسپی ڕەش و قەترانییە، کە لە ڕاستیشدا ئەم بارگرژییەی ئەم جارەش شەڕی ئالا نەبوو هەمان ئەزموونی پرتوکاوی شکستخواردووی شەڕە پەڕۆ و شەری ڕنگەکان بوو.
کەتنە گەورەکانی سەرۆک و بەرپرسە پلە یەکەکانی هەردوولا، لەماوەی تەمەنی دەسەلاتدارەتیان ئەگەر لە سوید یا هەر وولاتێکی دیموراسی بوایە، زەمانێک بوو بە ناچاری دەستیان لەکار وباری دەولەت هەلگرتبوو، ئەگەر نەدرابان بەدادگاو نەکرابان بە پەندی میدیاو ڕاگەیاندن، بەلام ڕاستیان گوتووە کە زۆرهات قەوالە بەتالە!

*بۆ بازرگانان/ هەولێر 1973 پشت لەنەواو ڕوو لەکرێوە/ عەبدولا پەشێو
** ئەم نووسیە هەرگیز بەمەبەستی بەرگری کردن لەم جۆرە میتۆد و دەربڕینانە نییە.
*** تۆرتە ناوی جۆرێکە لە کێک کە بە ڕۆنی شیر و شیرنەمەنی میوە ئامادە دەکرێ بەتایبەت لە بۆنەکاندا لەگەل قاوە چای خواردنەوەی ئاسایی دادەنرێ.
****بڕوانە (تێگەیشتنی ڕاستی) د.کەمال مەزهەر
***** بەپلەی یەکەم مەبەست هەردوو پارتی دەسەلاتدارە وەک تەواوی دەسەلاتەکان لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست.